www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/5/18 ژمارە (5272)
خەبات



## نزیکبوونەوەی حەشدی شەعبی لە سنووری کوردستان ئاڵۆزی دروستدەکات

چاودێرێکی سیاسی و پەرلەمانتاری پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات دەبێ حەشدی شەعبی لە سنووری شنگال لە نزیک پێشمەرگە بکشێتەوە، چونکە ناکرێت لەو ڕوانگەوە گرفت بۆ پێشمەرگە و سنووری کوردستان دروستبکەن. سیروان کاکەیی، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: گرنگە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە مەترسیی حەشدی شەعبی ئاگادار بێت، چونکە نزیکبوونەوەی حەشدی شەعبی لە سنووری کوردستان ڕەنگە گرفت و ئاڵۆزی دروستبکات، بۆیە گرنگە حەشدی شەعبی لە سنووری پێشمەرگە بکشێتەوە، بۆ ئەوەی گرفت و ئاڵۆزی دروست نەکەن لە هەمانکاتدا ڕێککەوتنێک لە نێوان پێشمەرگە و حەشددا هەبێت تا لەو ناوچانەی شنگال سەرئێشە بۆ پێشمەرگە دروست نەکەن، چونکە دەبینین حەشدی شەعبی لە هەر شوێنێک بێت، گرفت و ئاڵۆزی دروستدەکات. ئەو چاودێرە سیاسییە گوتیشی: ئێمە دەمانەوێت سنووری خۆمان و پێشمەرگە بیپارێزێت و ناکرێت هێزێک لە خاکی کوردستان گرفت دروستبکات، چونکە بینیمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند گرووپێکی حەشدی شەعبی لە پەرلەمانتارێکی عێراقیانداوە و ناکرێت ئەم ڕووداوانە دووپات ببنەوە.

## دوای هێرشە ئەلیکترۆنییە جیهانییەکە سەرۆکی ئەمەریکا داوای کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی کرد

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە کە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا داوای لە ڕاوێژکارەکەی بۆ ئاسایشی ناوخۆی تۆم بۆسێرت کردووە لەسەر ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییەی کە 150 وڵاتی جیهانی گرتووەتەوە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بکەن. بەپێی سەرچاوەکە، ترەمپ داوای لە بۆسێرت کردووە کە ئێوارەی هەینی کۆبوونەوەیەک بکەن لە زیانەکانی ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییە بکۆڵنەوە کە کۆمپیوتەرەکانی لە 150 وڵات گرتەوە و ئامانج لە هێرشەکە داواکردنی پارەیە لە ڕووکەشدا. بەرپرسەکە، ڕایگەیاندووە، جگە لەوە کۆبوونەوەیەکی دیکەش لە هۆڵی ستوەیشنی کۆشکی سپی ئەنجام دراوە بۆ ئەو مەبەستە و ئێف بی ئای و ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانیش لە هەوڵی دیاریکردنی بکەردان.

### فەرماندەیەکی پێشووی سوپای تورکیا:
## ئەمەریکا لە ڕۆژئاوا و باشوور دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنێت

عوسمان پامووکئۆغلو فەرماندەی خانەنشینکراو لە سوپای تورکیا، پێی وایە ئەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕۆژئاوا دەیکات بەوەی چەکی قورسیان دەداتێ و تورکیاش فەرامۆش دەکات، پێمان دەڵێ بە نیازە لە ڕۆژئاوا و باشووریش دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێ. لە دیانەیەکیدا لەگەڵ سایتی (تی 24) عوسمان پامووکئۆغلو فەرماندەی خانەنشینکراو لە سوپای تورکیا، لە بارەی ئەو بڕیارەی کۆشکی سپی بۆ پڕچەککردنی یەپەگە، پێی وایە ئەم پەیامە پێمان دەڵێ ئەمریکا دەیەوێت یەپەگە لە هێزی گەریلاوە بکاتە هێزێکی نیزامی و یاسایی، هەروەها بە نیازیشە دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژئاوا و باشوور دابمەزرێنێ. ئەو دەڵێ ئەگەر لە باشوور و ڕۆژئاوا دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ، ئەوکات تورکیاش ناچار دەکرێت ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵییەت بە کوردەکانی بدات، خۆی ئەمریکا هەر ماوەیەکی زۆرە چاوی بڕیوەتە خاکی تورکیا و دەیەوێ کوردی لێ جیا بکاتەوە. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی دا کە ئێستا تەنیا ئەمریکایە بە نهێنی باس لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات لە ڕۆژئاوا، بەڵام ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنساش پشتگیری لێ دەکەن، چونکە ئەوان دەیانەوێ لە ڕێگەی عەفرینەوە شوێنێک بدۆزنەوە تا غاز و نەوتی پێ بنێرنە ئەورووپا، دیارە مینای ئەسکەندەرۆنیش باشترین شوێنە بۆ ئەوان و دەیانەوێت ئەو شوێنانە لە دەستی پەکەکە بێت بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی.

## زیاتر لە 28 هۆزی عەرەبی مووسڵ دژی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی حەشدی شەعبین لە شنگال

زیاتر لە 28 هۆزی عەرەبی پارێزگای نەینەوا دژی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و هەژموونی ئێرانن لە سنووری شارۆچکەی شنگال، بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافی پێکهاتەکان داوا لە ئەمریکا و هاوپەیمانان دەکەن سنوورێک لە بەردەم جموجۆڵەکانی حەشدی شەعبی دابنێن. گوتەبێژی فەرمی هۆزە عەرەبەکانی نەینەوا، شێخ مزاحم ئەحمەد ئەلحویت ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی لە ناحیەی قەیرەوانی سەربە قەزای شنگال بە پیلانگێڕی ئێران و سووریا دەزانێت و، دەڵێت: دوای باڵا دەستبوونی حەشدی شەعبی لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق و سووریا هەڕەشە دەکەوێتە سەر ئاشتی و پێکەوە ژیان لە ناوچەکە. گوتەبێژی فەرمی هۆزە عەرەبەکانی نەینەوا، شێخ مزاحم ئەحمەد ئەلحویت لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: حەشدی شەعبی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆسەر ناحیەی قەیرەوان و گوند و کۆمەڵگەکانی دەوروبەری جگە لەوەی ڕێککەوتنی سەربازی نێوان هەولێر، بەغدا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژبە داعشی پێشێل دەکات، گومان لەوەدا نییە کە دەرگای فیتنە و ئاژاوەگێڕی لە تەواوی سنووری نێوان عێراق و سووریا بە سنووری قەزای شنگال و تەلەعفەریشەوە دەکاتەوە، ئەمەیش بۆ هۆزە عەرەبەکانی پارێزگای نەینەوا جێگەی نیگەرانییە و قابیلی قبووڵکردن نییە. ئەلحویت ڕاشیگەیاند: ئێران و سووریا بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتری هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان لە ڕێگەی حەشدی شەعبی و چەکدارانی پەکەکە لە عێراق دەدەن، ئەم پیلانگێڕییە لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراق نییە، بۆیە ئێمە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی خۆمان لە بەرفراوان بوونی دەسەڵاتەکانی حەشدی شەعبی و هەژموونی ئێران بەسەر عێراق ڕادەگەیەنین، قبووڵی ناکەین چەکدارانی حەشدی شەعبی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم داگیر بکات کە لە دەستووری عێراق بە ماددەی 140 ناودەبرێت. گوتەبێژی فەرمی هۆزە عەرەبەکانی نەینەوا دەشڵێت: داوا لە ئەمریکا دەکەین بە زووترین کات ڕێگری لە دەستوەردانەکانی ئێران و جموجۆڵە سەربازییەکانی حەشدی شەعبی بکات.

## ڕۆمیۆ هەکاری: قسەکانی موسەوی ڕەگەزپەرستانەیە و جیاوازی نییە لەگەڵ داعش

بەرپرسێکی باڵای کریستیانەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕەخنەی توندی لە دوایین لێدوانی سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی لە عێراق گرت و بە لێدوانێکی ڕەگەزپەرستانەی وەسفکرد. لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ناوەندی هەواڵی ئازاد، ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن ڕایگەیاند قسەکانی عەلا موسەوی، سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی لە عێراق، ڕەگەزپەرستانەیە و دەچێتە خانەی بیروبۆچوون و باوەڕ و ئایدۆلۆژیای داعش و کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر کولتووری پێکەوەژیان لە عێراق کە لە ئێستادا لەسەر ئاستی ناوچەکانی دیکەی عێراق لاوازە. لەو ڕووە، داوای لە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیران و بەرپرسانی باڵای حکوومەتی عێراق کرد کاردانەوەی توندیان هەبێت لەسەر لێدوانەکەی موسەوی و کپکردنی ئەو بۆچوون و تێڕوانینانە کە خزمەت بە هیچ لایەک ناکات. بە پێویستیشی زانی ناوبراو داوای لێبوردن لە کریستیانەکان و پەیڕەوانی سەرجەم ئایینەکانی دیکە بکات. هەر لە لێدوانەکەیدا بۆ ناوەندی هەواڵی ئازاد، ڕۆمیۆ هەکاری تیشکی خستەسەر بارودۆخی کریستیانەکان لە پارێزگای نەینەوا کە لەئێستادا زیاتر لە 200 هەزار کەس لە کریستیانەکانی ئەو ناوچانە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان لە هەر سێ پارێزگای دهۆک، هەولێر و سلێمانی کردووە. دوای تێپەڕبوونی حەوت مانگ لە دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنەوەی ناوچەکانیان، بەرپرسە باڵاکەی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن، جیاواز لەو ناوچانەی کە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە کریستیانەکانەوە ئازادکراون، هۆکاری نەگەڕانەوەی ئاوارە مەسیحییەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا بە تایبەت هەردوو شارۆچکەی بەرتللە و حەمدانیەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەشێک لە خانووەکانی ئەو ناوچانە سووتێنراون و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان براون. ناوبراو ڕایگەیاند ڕێگرییەکان لە کاتێکدایە کە ئەو ناوچانە لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە ئازاد و کۆنترۆڵ کراون. هەروەها دووپاتیکردەوە ئەگەر هاوکاری بکرێن، نزیکەی لەسەدا 95ی ئاوارەکان ئامادەن بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی پێشتری خۆیان. سەبارەت بە داهاتووی ناوچەکە لەڕووی سیاسی و ئیدارییەوە، ڕۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن، جەختی لەسەر گرنگیی نوێکردنەوەی پارێزگای دەشتی نەینەوا کردەوە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش لە ناوچەکە. ئەوەشی دووپاتکردەوە کە ئامادە نین لەسەر هەمان سیستەمی پێشووی پارێزگای نەینەوا بمێننەوە، چونکە هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتەکان لەسەر کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا، لەو بارەیەوە ڕایگەیاند کە داواکارییەکەیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێدەکرێت.

### مووسڵ..هەڵاتن لە ترسی ئاگری شەڕ بەردەوامە
# هاووڵاتییانی هەڵاتوو لە شەڕگەکان: تەنها لە شەڕ دووربکەوینەوە بۆ ئێمە بەسە



هێشتا لەنێو مووسڵ ئەو شارەی کەمتر لە هەشت لەسەدی بەدەستی چەکدارانی داعشەوەیە، خەڵکی چەند گەڕەکێک لە ئاگری شەڕ هەڵدێن و ئاوارە دەبن.ڕۆژی سێشەممە بە سەدان کەس لە گەڕەکەکانی ریفاعی و 17ی تەمووز و چەند ناوچەیەکی نزیکییان بەهۆی گەرمبوونی ئاگری شەڕ لە دەوروبەرییان لە بەشی ڕاستی شاری مووسڵ ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشت و گەیشتنە ئەو گەڕەکانەی کە لەو شوێنەوە نزیکن.ئاوارەکانی گەڕەکە ئاماژە بۆ کراوەکان لەنێو گەڕەکی مەغریب بەپێ هەڵاتبوون، ئەوان نەیانتوانی بوو هیچ ئۆتۆمبێلێک لەگەڵ خۆیان دەرباز بکەن و بۆ گواستنەوە بەکاری بهێنن، ئەوەشی لێمان دەپرسی بۆچی بە ئۆتۆمبیل هەڵنەهاتوون؟ لە وەڵامدا ئەوان دەیانگوت لە ترسی کردنە ئامانجی ئۆتۆمبێلەکانیان لەلایەن فڕۆکەکانەوە یان سوپا و هێزەکانی عێراق یان لەلایەن داعشەوە، بەپێ هەڵدێن.ئاوارەکان چەندین کیلۆمەتریان بڕی بوو، و جلوبەرگەکانییان لەنێو خۆڵدا بوو، تەواو شەکەتی و ماندوویەتییان پێوەدیار بوو، لە پاڵ ئەوانەشدا برسێتی و تینیوێتی بە ڕووخسارییاندا دیار بوو، بەشێک لەوانەی ئەمجارەش لە ئاگری شەڕ ڕزگاریان بوو لەو ئاوارانە منداڵی ساوابوون.لەنێو گەڕەکی مەغریب سەدان کەس بەپێ بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی ئارام و بێ تەقە بەرەو شوێنەکانی دیکە دەچوون کە بەشێکیان نەشیاندەزانی بۆ کوێ دەچن، ئەوان دەیانگوت تەنها لەشەڕ دووربکەوینەوە بەسە بۆ ئێمە. چەندین کەس لەوانەی ئاوارە ببوون بەدەم ڕێگەوە مۆبایلەکانییان کە لەلای داعش بەکارهێنانی قەدەغەبووە دەردەهێنا و سەرقاڵی هەوڵدان بوون بۆ پەیوەندی کردن بە کەسوکار و نزیکەکانییان تا پێیان بڵێن ئیدی ئەمانیش ڕزگارییان بوو و سەلامەتن.بەشێک لە منداڵە ئاوارەبووەکان کێک و شەربەت و ئاوییان بەدەستەوە بوو، گەورەکانیش بۆ ئاوی زیاتر دەگەڕان، ئەوان دەزانن هێشتا ئەو شوێنەی ئێمە و ئەوان یەکمان تێیدا بینی کۆتایی ڕێگە نییە و دەبێت زیاتر بەپێ بڕۆن.
وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق دوو هەفتە لەمەوبەر ڕایگەیاند ژمارەی ئاوارەکانی پارێزگای نەینەوا گەیشتوونەتە 600 هەزار کەس و 133 هەزار لەوانە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەڵام هێشتا خەڵکی زیاتر ئاوارە دەبن، بەڵام بە ڕێژە و ژمارەیەکی کەمتر لە جاران، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ئیدی چەند گەڕەکێکی کەم و تەنها هەشت لە سەد لە شاری مووسڵ ماوە کە بەدەستی چەکدارانی داعشەوە بێت، ئەوەش وایکردووە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە خێراتر لەجاران بەڕێوەبچێت.یەکێک لە ئاوارەکانی گەڕەکی رفاعی بە ناوی عومەر عەلوان باسی لەوەکرد کە لەو گەڕەکانەی بەدەستی چەکدارانی داعشەوەن ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریی ماوەی چەندین مانگە خراپ بووە و چەند هەفتەیەکە بەتەواوەتی نەماون.عومەر پیاوێکە لە شەستەکانی تەمەنیدایە لەگەڵ کوڕەکەی سەرقاڵی پاڵنانی عەرەبانەیەک بوو کە هەندێک کەلوپەلی تێدابوو و بۆ هێشتنەوەی خێزانەکە لەسەر ژیان لەگەڵ خۆی دەربازی کردبوون.ئەو گوتیشی ئەو چەکدارانەی داعش کە ماون و شەڕ دەکەن ژمارەکانییان زۆر زۆر کەمن، ئێمە بەمدواییانە هیچ چەکدارێکی بیانیمان نەبینیوە، بۆیە ئەوانەی ئێستا شەڕ دەکەن تەنها عێراقییەکانن و زۆریان نەماوە و خوا لەناویان دەبات.
ڕەنگی مردوو بەسەر دەموچاو و ڕووخساری ئاوارەکانەوە هێشتا بە تەواوەتی درکی پێدەکرا، ئەگەرچی بەشێک لەوان وەک دڵخۆشییەک پێدەکەنین، بەڵام پێکەنینەکان تەنها لەسەر لێوەکان بوون، هەریەک لە مان بەدەم خۆیەوە باسی لە نەهامەتییەکانیش دەکرد و هەندێکیان بە دەنگی بەرز قسەیان بە چەکدارانی داعش دەگوت وەکو نارەزاییەک لەسەر ئەو دەردەسەرییەی داعش بەسەری هێنان بەقسەی خۆیان بێت.